
World's Largest
Feast
May 3, 201

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# وەبەرهێنان لە ئافرەتدا پرۆسەی پەرەپێدان پێش دەخات

بەشـــداریی ئافرەتان لە سیاســـەت و بڕیارســـازیدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئاستی لۆکاڵ و تەنانەت لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتیش هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەتا ئێستاش لە ئاستی جیهاندا ژمارەی خانمی سیاسەتمەدار کەمن، بەڵام ئافرەت کە دایکایەتی و پەروەردە و فێرکاریی لە ئەســـتۆدایە، وەك بوونەوەرێکی بەتوانا و ڕاهێنەر و کارامە سەیر نەکراوە، کە هەر ئەو توانامەندی و بەزەییانەی دەتوانێ لە پیادەکردنی سیاســـەتی نەرم و پاك و چەسپاندنی ئاشتەوایی و پێکەوەژیاندا ڕۆڵی کارا ببینێت. بۆیە بە پێویست دەزانرێ بایەخی تەواو بە وەبەرهێنانی ئافرەت بدرێ و جەختیش لەوە دەکرێتەوە کە وەبەرهێنانی ئافرەتان پرۆسەی پەرەپێدان پێش دەخات.



هێرۆ عەلی:

**ئافرەت مافی خۆیەتی لە هەموو پرۆسەیەکی گرنگی سیاسیدا بەشداری بکات، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕووی تواناوە گۆشکرابێت و بەتەواوەتی بۆ وەرگرتنی پۆست ئامادە کرابێت**

شنۆ حەسەن:

**ئەگەر ئافرەتێک خێزانەکەشیان پەروەردەیەکی زۆر پرۆفیشناڵانەی بکات، ئەوا لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگە ڕێگری بۆ دروست دەکات**

هانا ئەمیر:

**لە ساڵی ١٩٩٥ و لە کۆنگرەی پەکین جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن و بڕیارداندا زیاتر بکرێت**

ئاڵا کەمال:

**ڕێنمایی پیشەیی بۆ (١٢٠٠) ئافرەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی کراوە بەڵام تەنیا (٣٠٠) کەس بەگەڕ خراون**

**هەر کەسێك بیەوێت تواناکانی برەو پێبدات، دەتوانێت ببێتە کەسێکی سەرکردە**

«بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەکانی وەبەرهێنانی تواناکانی کۆمەڵگە بە توانا خودییەکانی خۆشیانەوە یەکێکە لە گەورەترین بابەتە سەرەکییەکان کە لەدوای نیوەی سەدەی بیستەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا وەك بابەتێکی گرنگ هاتە نێو ژیانی سیاسییەکانەوە، بێگومان پرسی بەشداری و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان و بەشداربوونیان لە کایەی سیاسیدا لەدوای ساڵانی پەنجاکانەوە زۆربەی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاشی گرتەوە، چەندین ئافرەتیش گەیشتنە پۆستە سیادییەکان، لەوانە (بەنازیر بۆتۆ سەرۆك وەزیرانی پاکستان) و دواتریش ئەندیرا گاندی لە هیندستان و پاشانیش میگاواتی سۆهارتۆ لە ئەندەنووسیا و خالدە زیا لە بەنگلادش و گۆڵدا ماهیر لە ئیسرائیل و کۆمارتۆنجای سەرۆکی سیریلانکا، ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە ئافرەتان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بەشێوەیەکی بەرچاو هەوڵی بەشداری سیاسی دەدەن».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی هێرۆ عەلی بوو. ئەو وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئەوەی بۆ گوڵان ڕوونکردەوە کە سەرەڕای هەوڵەکانی ئافرەتان بۆ بەشداری سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی، کە لە هیندستان و پاکستان و سریلانکا ئافرەتی سەرۆکوەزیرانیان هەبووە، کەچی لە زۆر وڵاتی عەرەبی ئافرەتان تەنانەت مافی دەنگدانی پەرلەمانیشیان نەبووە، گوتیشی: «بێگومان ئافرەت مافی خۆیەتی لە هەموو پرۆسەیەکی گرنگی سیاسیدا بەشداری بکات، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕووی تواناوە گۆشکرابێت و بەتەواوەتی بۆ وەرگرتنی پۆست ئامادە کرابێت .ئافرەتی کوردیش لە دێر زەمانەوە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و کۆمەلایەتی باش بوون، بێجگە لەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان سەدان ئافرەت هەن کە پۆستی گرنگی حزبی و حکوومییان هەیە، لە بواری کەرتی تایبەتیشدا وەك بەڕێوبەری کۆمپانیا و بەڕێوبەری کارگێڕی کۆمپانیاکان دەبیندرێن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتانی ئێمە لە ڕووی پەروەردەییەوە لەسەر بنەمایەك پەروەدەکراون کە بتوانن سەرکردایەتی باش بکەن» .

هێرۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئافرەتان بایەخی زیاتر بە تواناکانی خۆیان بدەن و بێ سڵەمینەوە ڕوو لە گۆڕەپانی سیاسەت بکەن و بەرەوە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی هەنگاو بنێن، گوتیشی: «دەرکەوتنی بیرمەندێکی وەك(زەینەب خەواجە) لە وڵاتی بەحرەین، کارێکی سادە و ساکار نەبووە، ئەو خاتوونە خۆی پێگەیاند و نووسینەکانی زۆرترین کاریگەریان لەسەر بەشداری ئافرەتان لەپرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، لەکاتێکدا (زەینەب خەواجە) لە وڵاتێکدا لەدایکبووە و ژیاوە، کە پڕبووە لە توندوتیژی و تەنانەت ئافرەت مافی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردەنەکانیشدا نەبووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەر کەسێك بیەوێت تواناکانی برەو پێبدات، دەتوانێت ببێتە کەسێکی سەرکردە، جا چ پیاو بێ یان ئافرەت، بۆیە بێگومان ئافرەتیش دەتوانێت بگاتە هەر پۆستێك کە مەبەستی بێت، بەڵام لە پێناویدا دەبێت خۆی ماندوو بکات و تواناکانی برەو پێبدات».

**ئافرەتی کورد لە ئافرەتانی عەرەب و تورك و فارس سەربەستترن**

شنۆ حەسەن بڕوانامەی (ماجستیر)ی لە بواری فەلسەفە هەیە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە پێگەیاندنی ئافرەتی بەتوانا بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی تایبەتی لە پێشکەوتنی ئاستی زانستی و سیاسیدا ببینێت و ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو پێویستی بە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە، لەوانە: هاندانی ئەو ئافرەتە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێك کە توانای خۆ بونیادنانەوەی هەبێت، گوتیشی: «ئەگەر ئێمە چاوێك بە دیراسەکردنی قۆناغی زانکۆدا بخشێنین، دەبینین لە هەرێمی کوردستان مێشکی قوتابی زانکۆ بە هەردوو ڕەگەزەوە تەنیا وەکو دەفرێکی پاراستنی زانیاری و گواستنەوەی زانیارییەکانی لێهاتووە، هەمیشە زانکۆ قوتابی وەها لێدەکات کە تەنیا ئەرکی پاشەکەوتکردنی زانیارییەکان بێت، بەڵکو پێویستە هەوڵبدرێت قوتابی زانکۆ لە بری کۆکردنەوەی زانیاری و لەبەرکردنی کاتی، مێشکی بە شیکاری ئاشنا بکرێ بۆ ئەوەی توانای داهێنانی هەبێت، چونکە هەتا ئێمە بەم شێوەیەی ئێستا گەنجی خۆمان پەروەردە بکەین، ئەوا نەك هەر ئافرەت، بەڵکوو پیاوی بەتواناشمان کەم دەبێت، بەم سیستەمی پەروەردەییە ناتوانین ئافرەتێك پەروەردە بکەین کە سەرکردایەتی سیاسی و ئابووری بکات، چونکە ئەگەر ئافرەتێك پۆستیشی بدرێتی، بەڵام نەتوانێت داهێنان بکات، ئەوا ناتوانێت تەنانەت خزمەت بە پرسی ئافرەتانیش بکات» .

شنۆ حەسەن جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستەمی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی کچان زۆر سادەیە و ڕایوایە هەتا ئێستا وەها کارانەکراوە کە بتوانرێت ئافرەتی بەتوانا بەرهەم بێت، سەبارەت بە بەشداریی ئافرەتیش لە پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی کارگێڕیدا شنۆ گوتی: «بەشداریی ئافرەت لە پرۆسە جیاکاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیەو ئافرەتی کوردیش هەمیشە ڕۆڵی خۆی هەبووە و پێگەی دیاربووە، مێژوو شایەتی بۆ پێگەی ئافرەتی کورد دەدات، ئەوەتا چەندین ئافرەتی بەتوانامان وەکوو(قەدەم خێر، خانزادی میری سۆرا، حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخانم) هەبووە، لەبواری خەباتی چەکداریشدا ئافرەتی زۆر بەتوانامان هەبووە کە خزمەتی گەل و نیشتمانیان کردووە، لە ناو پێشمەرگە لە شاخ لە بەرامبەر دوژمنێکی زۆر دڕندە خەباتیان کردووە، لە زیندانەکانیش وەکو پیاوان و بگرە زۆر سەختتریش ئازار و ئەشکەنجە دراون، چەندین شەهیدی ئافرەتیش هەن وەك شەهید لەیلا قاسم و شەهید بەیان عومەر شەریف و چەندانی تر کە جێگەی شانازی میللەتن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتی کورد هەمیشە لە ڕووی پەروەردەکردنەوە وەها پەروەردەکراوە کە توانیویەتی پێگەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و بگرە سیاسیشی هەبێت، تەنانەت گەڕیدەیەکی وەك کلۆدیس جیمس ڕیچ ئەوەی باسکردووە کە ئافرەتی کورد بە بەراورد بە ئافرەتانی عەرەب و تورك و فارس سەربەستترن و ئازادیی زیاتریان هەیە».

ئەوەشی دووپات کردەوە کە هەرچەندە پەروەردەکردنی خێزانی کوردەواریش زۆر سادەو ساکاربووە بە بەراورد بە ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام ئافرەتانی کورد بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی باشیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا گیڕاوە، گوتیشی: «ئەوەشمان لەیادنەچێت کە هەمیشە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی کاریگەری خۆی هەبووە، واتا ئەگەر ئافرەتێك خێزانەکەشیان پەروەردەیەکی زۆر پرۆفیشنالانەی بکات، ئەوا لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگە ڕێگری بۆ دروست دەکات، بۆیە دەبێت لە تێڕوانینی کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە ئافرەت ریفۆرم بکرێ، چونکە ئەگەر ئافرەتێك بێتە دەرەوەی ماڵ و کاری سیاسی بکات، دەبێت ڕەچاوی

بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی چەند لایەن بکات، یەکەمیان خێزانە، کە تا چەند ڕێی پێدەدەن و تاچەند هاوکاری دەکەن تا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت، بێگومان ئەگەر خێزان ئەو ئاسانکارییانەی کردبێت، ئەوا قۆناغی یەکەم دەبڕێت و دەگاتە قۆناغی دوای ئەوە کە کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش چۆن بۆی دەڕوانێت ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لە سەر لاوازبوون و سەرکەوتنی ئافرەت دەبێت».

## گرنگە پەروەردەکردنی کچ لەسەر بنەمای هاندان و تێگەیاندن و بەهێزکردنی بێت

توێژەری دەروونی هانا ئەمیر، سەبارەت بە هەمان پرس ئەوەی خستەڕوو کە بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی پەیوەستە بە چۆنێتی توانای ئافرەتان و ئەدای کارکردنیان و چۆنێتی پێگەیاندنی ئافرەتان و پەروەردەکردنیان لەسەر چۆنێتی کارکردنیان، گوتیشی: «ئەگەر ئێمە چاوێك بە بەشداریی ئافرەتان لەپرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بخشێنین، دەبینین: لە ساڵی ١٩٩٥ و لە کۆنگرەی پەکین جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن و بڕیارداندا زیاتر بکرێت، سیستەمێکی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە سیاسەت پیادە بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کار لەسەر توانا و هزری دایکان و دواتر کچان بکرێت، بەتایبەتی پەروەردەکردنی کچ زیاتر گرنگە، نەك تەنیا ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و کۆنفرانس بۆ ئەوەی بوترێت ئافرەت بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات، ئەوەی کە زۆر گرنگە پەروەردەکردنی کچە لەسەر بنەمای هاندان و تێگەیاندن و بەهێزکردنی بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن بڕیار و بتوانێت کاروباری سیاسی ڕایی بکات»

هانا ئەمیر بە پێویستی دەزانێت هاوکات کار بۆ ئەوە بکرێت کە قوتابیان وشیار بکرێنەوە لەسەر ئەرك و مافەکانیان و گوتیشی: «ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێکی زۆر لە قوتابیان لە قۆناغی زانکۆدا وادەزانن ئەرکی ئەوان تەنیا دەرچوونە و زیاتر بایەخ بە نمرەی دەرچوون دەدەن و کەمتر گرنگی بە تواناکانی خۆیان دەدەن، واتا لە زانکۆکاندا بیرکردنەوە لە نمرە و دەرچوون قوتابییانی لە بەرهەمهێنان و داهێنان دوور خستۆتەوە».

ئەو توێژەرە جەختی لەوەشکردەوە کە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پێگەیاندنی کەسایەتی و برەودان بە تواناکان و پەروەردەکردن و فێرکردن و هاندانی بەشداریی زیاتری ئافرەت لە سیاسەتدا گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هەست بەوەناکرێت کە لە پرۆگرامەکانی حکومەتدا ئەم شتانە جێی بۆ کرابێتەوە».

## کۆمەڵگەی نەریتی کەمتر بوار بۆ داهێنان و کارکردنی ئافرەتان دەڕەخسێنێت

لەلای خۆیەوە ئاڵا کەمال عەلی چالاکوانی بواری کرێکارانی ئافرەت لە شاری سلێمانی، ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان شیکردەوە کە کۆمەڵێك گرفت هەیە وادەکات ئافرەتان نەتوانن وەك پێویست برەو بە تواناکانی خۆیان بدەن. بە بڕوای ئەو چالاکە گرفتی سەرەکیی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ئەوەیە کە ئافرەت وەها فێرکراوە کە خاوەنی بڕیار نییە، ئەمەش وایکردووە کە ئافرەت نەتوانێت وەك پێویست تواناکانی زیاد بکات، هاوکات گوتی: «پێویستە پەروەردەکردنی کچ لە سەرەتای منداڵییەوە لەسەر بنەمایەك بێت کە خۆی پێشبخات و گرنگی بەتواناکانی بدات، بە مەرجێك ئەم هەڵمەتە گشتگیر بێت بۆ ئەوەی هەموو ئافرەتان لێی سوودمەند بن». بە پێویستیشی زانی باسکردن و شرۆڤەی کارکردنی ئافرەتانی ماڵەوە هەنگاوێکی زۆر سەرەکی بێت و گوتی: «ئەرکی سەرەکی ئێمە لەمەدا کورت دەبێتەوە کە ئافرەتان لەماڵەوە دەربهێنن و بتوانین قەناعەتیان پێبکەین کە ئەوان لە دەرەوەی ماڵەوە کاربکەن، ئەوەی زۆر گرنگە ئێمە بیزانین ئەوەیە کە کار لەسەر ئافرەتانە بکرێت کە هیچ بڕوانامەیەکیان نییە و نەخوێندەوارن، زۆر گرنگە بتوانرێت کاریان لەگەڵ بکرێت و هانبدرێن بۆ ئەوەی کە بتوانن کار بکەن و یان خۆیان فێری خوێندەواری بکەن» .ئەوەشی خستەڕوو کە ئەوان «ڕێنمایی پیشەییان بۆ (١٢٠٠) ئافرەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی کردووە، بەڵام ئەوەی لەم ڕێژە زۆرە تەنیا (٣٠٠) کەس بەگەڕ خراون»، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «ئافرەتانی ماڵەوەوە لەگەڵ ئەو ژیانەدا ڕاهاتوون کە هیچ کارێك نەکەن و بەو هاوکارییە کەمە بژین کە باوك و برا و هاوسەر پێشکەشیان دەکات، بۆیە ئێمە کاتێك دەمانەوێت پیشەیەك بۆ ئافرەتێك بدۆزینەوە، ئەو ئافرەتە بەو ئیشانە ڕازی نابێت، یان بیانووی زۆر دەدۆزنەوە، لەوانە منداڵەکانی دەکاتە بیانوو کە نازانێت لەکوێ دایانبنێت».

ئەو چالاکە ئەوەشی دووپات کردەوە کە پێویستە گرنگیدان بە ئافرەتان لەسەر ئاستێك بێت کە ئەو ئافرەتە لەسەرەتای تەمەنیەوە هانبدرێت کەخۆی بەهێز بکات، بۆ نموونە ئەوەی کە دەخوێنێت دوای خوێندن بتوانێت لەو بوارەدا کاربکات کە پێویستە، یان ئەو کارە بکات کە ئارەزوویەتی بیکات، نەك ڕێگری بۆ دروست بکەن، بەڵام ئەگەر ئەم شتانە لە تەمەنی منداڵی و نەجەوانییەوە کاری لەسەر نەکرێت، ئەوا زۆر قورس دەبێت لەبەر ئەوەی کە شتێکی واقعیە کۆمەڵگەی نەریتی و پیاوسالاری کەمتر بوار بۆ داهێنان و کارکردنی ئافرەتان دەڕەخسێنێت».

